# بۆ یەکەمجار دادگایی ئانرات بە بێ عەلی ڕەحیمی بەڕێوە چوو

عەلی مەحموود محەمەد





ئەو پیاوە سەر سپییە سەردەشتییە  بۆ یەکەمجار لە ناوەڕاست ساڵی 2002 لە پرۆسەی دادگایی نەزار حەزرەجی ناسیم , هەر زوو بوو بە هاوڕێم ,  لەوەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ مێژووی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و سەردەشتییەکان پەیدا کرد , بەهۆی ئەوەوە عومەر خاوەرەکەی سەردەشت و گیا ڕەنگییەکانم ناسی .

کە پرۆسەی دادگاییکردنی ئانرات هاتە پێشەوە , لە چرکەکانی یەکەمەوە تاکو ئەو ڕۆژەی کەوتە نەخۆشخانە بە شوڕو شەوقەوە لە گەڵدا بوو , 17 خولی دادگایی ئانرات  لەوانە بوو یەکەم کەس دەگەیشتە بەردەرگای دادگا و دوا کەسیش بوو بەجێی دەهێشت , دەتووت باری ئەو دادگاییە بە کۆڵی ئەوەوەیە  , ڕۆژێك نەبوو لە هیچ خولێکیدا ئامادە نەبێت , بە تەمەنێکی زۆر و بە نەخۆشییەوە  هەر سەرەی دەیان (کم) ی دەبڕی , کەسیش نەبوو فلسێکی بۆ بگەڕێنێتەوە , هەموو جارەکانیش وێنەکانی دەستی  کە گوڵدانی وێنەی قوربانیانی سەرجەم کوردستان بوو لەسەری نووسرابوو " سەردەشت , هەڵەبجە , زەردە , گۆپتەپە , شێخ وەسانان " بە دەستەوە بوو , , ئەو وێنانە بەردەوام لە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەی بوو , ڕۆژنامە و دەزگای ڕاگەیاندن نەماوە لەم جیهانە  لێیان بڵاو نەکردبێتەوە , ئەمڕۆ ئەو وێنانە بۆتە بەشێك لە  هێمای کوشت و بڕی بە کۆمەڵی گەلەکەمان .

ڕۆژی دوو شەممە 9-10-2006 کە گەیشتمە بەردەم دادگای شاری لاهای  , کەسێك نەبوو لە دوورەوە بە خەندەکەی بۆ خوناو بمانهێنێتە پێکەنین , بەردەم دادگا سارد و سڕ بوو  , ئەوەندەم بۆ کرا هەنسکی گریانەکە قووت بدەمەوە , هیوادارم دڵە گەورەکەی مام عەلی ڕەحیمی ڕێگای بدات لە نەخۆشخانە دەربچێت بۆ 23-10-2006 لەبەردەم هۆڵی دادگا بە خۆی و وێنەکانی و خەندەکەی شاد بینەوە .